IT

دەکرێ کەڕ و ڵاڵانیش بە مۆبایل پەیوەندی بکەن

زۆربەی ئەوانەی کە کەڕوڵاڵن پێیان باشە لە ڕێگای زمانی هێماکان ((Sign هەستەکانیان دەربڕن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە شەپۆلەکانی مۆبایل ئەوەندە بەهێز نین کە داتایەکی زۆر بۆ نیشاندانی جولەی کەسەکان بەڕێ بکات، تاکو ئێستا ئەو شەپۆلە پان و بەرینەی مۆبایلیش دروست نەبووە.

بەڵام زانایانی ئەمەریکی هەوڵدەدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە لە پرۆگرامی خستنە باڵیەکی ڤیدیۆیی سوود وەرگرن کە بەم شێوەیە ئەگەری ناردنی وێنەی کەس و جولەکانی دەست، پەنجەکان و ڕوخسار بە سوود وەرگرتن لە تۆڕەکانی مۆبایل بە شەپۆلێکی کەمیشەوە بەڕێ بکەن.

ڕیچارد لوندێر، پسپۆڕی شارەزای کۆمپیوتەر لە زانکۆی واشنتۆن و یەکێک لە بەرپرسانی ئەو پرۆژەیە دەڵێت: ئەو تەکنەلۆژییەش ئەوەندە بێ کەموکوڕی نییە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە باتری مۆبایلەکە زۆر زوو دابەزێت.

ئەو سیستەمە بۆ جولەی دەست، باسک و دەموچاوە بەڵام جولەی کەسێک کە کەڕوڵاڵە زۆر لە کەسێکی دیکە زیاترە.

چوارچێوەی وێنەی دیجیتالیش هاتە بەرهەم

بە سەرنجدان بە پەرەسەندنی چوارچێوەی وێنەی دیجیتالی، کۆمپانیای Musekبەم دواییانە ڕووی کردۆتە دروستکردنی ئەم چوارچێوانە. کۆمپانیای ناوبراو دوو نموونەی چوارچێوەی دیجیتالی بەناوەکانی PF-D800 و PFA700A هێناوەتە بەرهەم.

PF-D800 خاوەنی تیرەی ٨ ئینجییە و وێنەکان زۆر بە جوانی و سەرنج ڕاکێشانەوە نیشان دەدات، شاشەی ئەو چوارچێوەیە دەکرێ لە دیواریش بدرێ، یان لەسەر مێز دابندرێ. خاوەنی دوو سپیکەرە کە دەکرێ لەگەڵ وێنەکە مۆسیقاش لێبدا، یان دەکرێ وەک سیستەمی MP3 Player کار بکات.

ئەو شاشەیە بۆ نیشاندانی وێنەی ڤیدیۆیی کە بە فۆرماتی JPEG خەزن کراون سوودی لێوەردەگیرێ هەروەها دەکرێ بەهۆی کێبڵەوە لە ئەتەلەڤزیۆنیش بخرێ.

PF-A700A تیرەکەی حەوت ئینجە بۆ نیشاندانی وێنەی ڤیدۆیی کە بە MPEG خەزن کراون سوودی لێوەردەگیرێ.

مۆبایلە نوێیەکەی کۆمپانیای ئەپل خزمەتگوزاری قسەکردن بە خۆڕایی تێدایە

مۆبایلە نوێیەکەی کۆمپانیای ئەپل کە بە iphone ناسراوە دەتوانێ ئەگەر هێڵی ئەنتەرنێتی لەسەر بێ لە ڕێگای ماڵپەڕی www.jajahamobile.com بە خۆڕایی قسە بکەی، هەرچەند ئەو توانایە وەک توانایی سایتی skype نییە.

هەروەها بەکارهێنەری مۆبایلی iphone دەتوانن بە سوود وەرگرتن لە Jajah بەبێ ئەوەی کە بە ئەنتەرنێتیش بەستراوەبن تێچووی پەیوەندییەکانیان کەم بکەنەوە. بۆ ئەوەی کە ئەو خزمەتگوزارییە دابەزێتییە سەر هاندی ناوبراو لە دینەمۆی بەدواداگەڕانی سایتەکانی ئەنتەرنێتی مۆبایلدا ئەو ئەدرەسە بنووسە . mobile.jajah.com پاشان ناوی بەکارهێنەر و پاسوردەکە بنووسە و دواتر دەبێ ژمارە تەلەفۆنی خۆت و ئەو کەسەی کە قسەی لەگەڵ دەکەی بنووسی. خزمەتگوزاری Jajahکە تایبەتە بە قسەکردن بە خۆڕایی بۆ مۆبایل لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە دامەزراوە بەڵام تەنیا ناوچەیەکی جوگرافی سنووردارە گۆی زەوی دەگرێتەوە. وەک ئەمەریکا، کەنەدا، چین، سەنگاپور و تایلەند، لەم وڵاتانەدا پێویست ناکات خەرجی پەیوەندی گرتن بدەی.

پاراستنی کۆمپیوتەری لاپ تۆپ لە دزەکانی زانیاری

زۆربەی کۆمپانیاکان قفڵ و جەرەسی مەترسیان بۆ کۆمپیوتەری لاپ تۆپ هێناوەتە بەرهەم، تاکو بەهۆی ئەوانەوە کۆمپیوتەرەکان بپارێزرێن. لەکاتێکدا ئەو کەسەی کۆمپیوتەری لاپ تۆپ بەکار دێنێ بە زۆری لە گەشت و گەڕاندایە و بە شوێنە قەرەباڵغەکاندا هاتووچۆ دەکات. دەکرێ لەو قفڵ و ئامرازانەی کە کۆمپانیاکان بەو مەبەستە دروستیان کردووە سوود وەربگرن.

زۆربەی ئەوانەی کە گەشت و گەڕان دەکەن کۆمپیوتەری لاپ تۆپ بەکار دێنن. چونکە کۆمپیوتەری لاپ تۆپ هەم کێشەکەی سووکەو هەم بە ئاسانی هەڵدەگیرێ. سەرەڕای ئەوەش دزەکانیش باش لە گرنگی لاپ تۆپ گەیشتوون، زۆر پیلان دادەنێن بۆ دزینی لاپ تۆپەکان. جار هەیە لاپ تۆپێک بۆ خاوەنەکەی لە هەموو سەرمایەی مادی بە نرختر، چونکە بەڵگەنامە گرنگەکانی ئەو لە لاپ تۆپەکە دا خەزن کراون، یان نووسەرێکە کە کتێبێکی پێنج سەد لاپەڕی نووسیوە تەنیا نوسخەیەکی لەو کتێبە هەیە ئەویش لە لاپ تۆپەکەدایە، بۆ خاوەنی ئەو لاپ تۆپە، کۆمپیوتەرەکە لە هەموو شتێک بە نرختر. هەربۆیە خاوەنانی کۆمپیوتەری Lap top دەبێ وردبینییەکی پێویست بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرەکان لەبەرچاو بگرن. بەڵام دەبێ وای دابنێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆمپیوتەرەکەی دەدزرێ، هەربۆیە دەبێ لەسەرەتادا ئەو زانیارییەی کە تێدایە لە شوێنێکی دیکە خەزنی بکات، جا فلاش بێت یان هاردێکی لاوەکی.

دانانی پاسۆردێک خاڵێکی گرنگە لە پاراستنی لاپ تۆپدا. دانانی پاسۆردیش دەبێ زۆر زانستییانە بێ، ئەگینا بەهۆی هەندێک پرۆگرامی کردنەوەی پاسۆرد زانیارییەکان ئاشکرا دەبن. کەڵک وەرگرتن لە قفل و جەرەسی مەترسیدار یەکێکی دیکە لەو ڕێگایانەی کە بۆ پاراستنی لاپ تۆپەکە زۆر سوودمەندە. هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستان بۆ دزەکان کۆمپیوتەر ئەو گرنگییەی نەبووە، بەڵام داهاتوو هەر وا نامێنێ هەر بۆیە لە ئێستاوە را دەبێ بیر لە داهاتوو بکرێتەوە.

جیهانی گرافیک

چۆن بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ وێنەیەک رتووش بکەین
Retouch

رتوش کـردن واتە خـاوێنکردنەوەی پەڵە و لەکـەی سـەر روخسـاری وێنە، ئەو زانیارییە بۆ ئەوانەی کە بە پرۆگرامی فـۆتۆشـۆپ کـاردەکـەن زۆر سـوودمـەندە، هەروەها ئەوانەی لە تاقیگاکانی دیجیتالیدا کار دەکەن سوودێکی زۆری بۆ ئەوانیش هەیە. لە ژمـارەکـانی رابردوودا باسی گـرنگی پرۆگـرامی فۆتۆشۆپمان کردووە کە گەورەترین پرۆگرامی مامەڵەکردن لەگەڵ وێنەیەیە. هەر کردارێکی بتـهـەوێ لەسـەر وێنە بەو پرۆگـرامە جێبەجێ دەبێ. لە باسی ئەمجارەی جیهانی گرافیکدا باسی ئەوەتان بۆ دەکـەین چۆن وێنەیەک روتوش بکەین. بۆ روتوش کردنی وێنە لەسەرەتادا وێنەیەک دێنین.

شێوەی روتوش کردن: بەر لەهەموو شتێک دوای کردنەوەی پرۆگـرامی فـۆتۆشـۆپ فـرمـانی Quick mask mode هەڵدەبژێرین یان بە فلچە قەراخ و ئەو شوێنانەی کە مەبەستمانە رتوش بکرێن رەنگ دەکەین.



پاشان لەو فرمانە دەچینە دەر و دەچینە سەر قائیمەی Selectلەودا فەرمانی Inverse لێدەدەین دەکرێ ئەو فرمانە بە دوگمەکانی (Ctrl+Shift+I)یش لێبدەین.

پاشان دەچینە سەر قائیمەی ئەو فرمانەی کە ئاماژەمان پێکردووە Filter-Noise-Dust &Scratchesلێدەدەین وسـەیرەکـە چەندە گـەشـەدارکـردن واتە بریقـەدارکـردن لە گـەڵ وێنەکەت دەگونجێ هەروەها رێژەی تێکەڵبوونی رەنگەکانیش هەرلەوێدا دیاری بکە. ئێستاکە بە دوگمەکانی CTRL+Dئەو بەشەی کە دیاریمان کردووە Deselectبکە.

پیـرۆزە کـارەکـەت بەسـەرکـەوتووی بەجێ گەیاند.

ناساندنی پرۆگرامێک

پرۆگرامی
Photodex Proshow Gold 3.0
تایبەت بە دروستکردنی ئەلبومی وێنەی دیجیتالی

تاکو ئێستا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە وێنە دیجیتالییەکانی خۆتان لە ئەلبۆمێکی دیجیتالیدا بەشێواز و توانای جۆراوجۆر وەک نیشاندان بە شێوەی سلاید و هەروەها بڵاوکردنەوەی مۆسیقا لەگەڵ وێنەکەدا رابگرن. زۆر پرۆگرام بەمەبەستی دروستکردنی ئەو جۆرە ئەلبۆمانە هاتوونەتە بەرهەم.

پرۆگـرامی Proshow Gold ناوی پرۆگـرامـێکە کـە بەرهەمی کۆمپانیای Photodex. ئەو پرۆگرامە یەکێکە لە باشترین پرۆگرامەکانی دروستکردنی ئەلبۆمی دیجیتالی. تەنانەت ئەو کەسانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆشیان لە دروستکردنی ئەلبوم نییە دەتوانن کاری لەسەر بکەن. ئەو پرۆگرامە تواناکانی گەلێکن کە یەکێک لە توانا هەرە بەرچاوەکانی دەکرێ ئاماژە بە ٢٨٠ ئیفێکتی جۆراوجۆری وێنە بکرێ. (ئیفکت واتە جوڵەکردن بە وێنە بە شێوازگەلێکی جیاواز).

بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆگرامە ئەوانەن:

- توانایی دروستکردنی ئەلبۆمی وێنەی دیجیتالی بە توانایی خەزن کردن
- خـەزن کـردن بە فـۆرمـاتەکـانی EXE و هەروەها دروسـتکردنی فایلەکانی Flash.
- توانایی دروستکردنی ئەلبۆمەکان بۆ نیشاندان لە ئامێرەکانی Video CDو DVD
- توانایی دانانی وێنەکان لە حاڵەتەکانی جۆراوجۆر.
- خاوەنی زیاتر لە ٢٨٠ ئیفکتی جۆراوجۆری نیشاندانی وێنە.
- پشتیوانی کردن لە ١٠٠ وێنە و دانانیان لە پرۆگرامەکان بە شێوەیەکی هاوکات بۆ دروستکردنی ئەلبۆمی وێنە.
- توانایی دەستکاری کردنی وێنە و گۆڕانکاری تێدا پێکهێنان.
- توانایی دانانی موسیقا لەسەر وێنە لەگەڵ ئیفکتی جۆراوجۆر.
- خەزن کردنی خێرا. هەروەها گەلێک تایبەتمەندی دیکە کە بە دەتوانن لەکـاتی تاقـیکردنەوەدا تواناکـانتـان بۆ دەربکەوێت.

نوێترین وەرچەرخانی زۆر

فلۆپی دیسک بۆ هەمیشە بای بای!

ناوەندی چاوپێداخشاندن بە ئامرازەکانی کۆمپیوتەر رایگەیاند کە لەمەوبەولا فلۆپی دیسکی کـۆمـپـیـوتەر ئیـدی ناهێننە بەرهەم و کۆمپیوتەرەکانی داهاتوو هیچیان فلۆپی دیسکیان نابێ. فلۆپی دیسک ماوەیەکی لەمێژە لە بواری راگواستنی داتاکان لە نێوان کۆمپیوتەردا رۆڵی بەرچاوی هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە قەوارەی داکـردنی داتا لە فلۆپییـەکـان زۆر کـەم بوو واتە نەدەگـەیشـتـە ٢ میگابایت ئەو بارستاییەش وەڵامدەری هیچ شتێک نییە، هەربۆیە چیدیکە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری کۆمپیوتەر فلۆپی ناهێننە بەرهەم.

ئێستاکە کۆمپیوتەرەکانی لاپ تۆپ و کۆمپیوتەرە سێتەکان ئەو ئامرازەیان لەگەڵ نییە ,لەبری ئەوە چەند پۆرتێکی تایبەتی فلاش میمۆریان هەیە ,کە فلاش میمۆری هەم بچووکترەو هەم ئیمکانی تێکچـوونی کـەمـتـرە و جگە لەوەش هەزار بەرابەر هەتا ٨ هەزار بەرابەری فلۆپی دیسک داتا لە خۆیدا خەزن دەکات.

فلۆپی ساڵی ١٩٧١ لەلایەن کۆمپانیای IBMەوە هاتە بەرهەم کە لەسەرەتادا هەشت ئینجی بوو وپاشان بوو پێنج و نیو ئینجی و لە دوایشدا بوو بە سێ و نیو ئینجی.